# ماوەیەک منیش وەک ئەوان بووم!!

**محەمەد دەروێش/ ئیستانبوڵ**
**تایبەت بۆ گوڵان**

دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدارانی تورک کەوتوونەتە نێو پێشبڕکێی نەژادپەرستییەوە. نەژادپەرستی بەردەوام چاوی داخستوون و دەمی کردوونەتەوە، هەڵدەستن و دادەنیشن بەشێوازی هەڕەشە دەدوێن و قین و دوژمنایەتی بەرامبەر گەلان پێش دەخەن و تانسیۆن و هەستی نەتەوەگەرایی و شۆڤێنیستی بڵند دەکەن. تەنانەت لەگەڵ هەڕەشە دەخەون و هەڵدەستن. ئەوان بەتەنها هەڕەشە لەکوردان ناکەن، بەڵکو لەگەڵ کوردان هەڕەشەی عێراق، ئەرمەنستان، کۆماری قوبرس، یۆنان، فەرەنسا، یەکێتی ئەورووپا، ئەمریکا و چەند وڵات و سازمانی دیکەش دەکەن.
لەم دواییانەدا کاربەدەستانی تورک هەڕەشەیان لەمیسر و لوبنان کرد، لەبەرئەوەی ئەم دوو وڵاتە لەمدواییانەدا پەیماننامەیەکیان لەگەڵ کۆماری قوبرس ئیمزا کرد، بۆئەوەی لەدەریای سپی ناوەڕاست بەهاوکاری یەکتریی بەدوای نەوتدا بگەڕێن، بەمە ڕووبەڕووی تورکیا بوونەوە. بۆیە **هەندێک جار مرۆڤ واتێدەگات تورک خۆیان بە خاوەنی جیهان دەزانن. ئەوکاتەی مرۆڤ گوێیان بۆ شل دەکات وا دەزانێت جیهان تەنیا لەتورکیا پێکدێت.** تورک ماف بەخۆیان دەدەن هەر قسەیەک بکەن و دەست بخەنە نێو هەر کاروبارێکەوە. وڵاتی خەڵکی وەک شار، قەزا و گوندی خۆیان دەبینن و خۆشیان وەک بەگ و ئاغا حیساب دەکەن، لەبەرئەمەش دەیانەوێت هەموو شتێک بەگوێرەی داخوازیی و بەرژەوەندیی ئەوان بێت و مۆری خۆیان لەهەموو شتێک بدەن و تەواوی جیهان ڕەچاوی داخوازییەکانیان بکات، هیچ وڵات و دەزگا و کۆمپانیایەک بەرژەوەندی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندی تورکیا نەبینن، بەڵکو هەر وڵات، دەزگا کۆمپانیایەک لەو بڕوایەدا بێت "هەر تورکێک لەبەرامبەر دنیایەک"و لەم چوارچێوەیەدا کار بکات، گوایە کولتووری تورکان بەرامبەر هەموو کولتووری جیهانە. ئەم قودرەتانە لەخوێنی ڕەسەنی تورکان و لەدەمارەکانیان هەیەو، بەمشێوەیەش تورک سەرخۆش بوونە و بەمنداڵی ماونەتەوە.
پێم باشە، ئەو گوتانەی من وەک بێ ڕێزییەک لێکنەدرێتەوە، لەبەرئەوەی هیچ کاتێک مافی ئەوەم نییە بێ ڕێزی لەبەرامبەر تورکان بکەم، چونکوو من بێ ڕێزی نواندن لەبەرامبەر گەلان وەک بێ ڕێزی لەبەرامبەر خۆم دەبینمەوە. بەڵام ڕەوشی تورکان بەگشتی و بەتایبەتی دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدارەکانی ڕەوشێکی تایبەت و جیاوازە. بۆ نموونە ئەوان چەند ساڵە بە ملیۆنان کورد و ئەرمەنی و ئاشووریی و گەلانی دیکە وەک تورک دەبینن، بەڵام بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک تەحەمولی ئەرمەنی بوونی یەکێک ناکەن. تائێستا تورکیا لەناوەندەکانی خوێندن دەستوور نادات پەروەردەی زمانی ملیۆنێک کەس بناسرێ، بەڵام هاوکات داوا لەئەڵمانیا دەکات پەروەردەی زمانی تورکی ئاستەنگ نەکات. **لەقوبرس داوای پارچەبوون دەکات، بەڵام لە عێراق داوای یەک پارچەیی دەکات!! ئەوان دەخوازن بەشداری شارستانێتی یەکێتی ئەورووپا بکەن، بەڵام تەحەمولی هەواڵێکی کەناڵی "ڕۆژ تیڤی" ناکەن. دیارە لەجیهانی مۆدێرندا کێشەکان بەڕێگای ئاشتی چارەسەر دەکرێن، بەڵام تورک دەخوازن بەڕێگای شەڕ کێشەکان چارەسەر بکرێن.**
لەبەر ئەم هۆکارانەی باسم کرد ئەوکاتەی سەیری ڕەوشی تورکیا دەکەم، سەرخۆشی و دەورانی منداڵیم دێتەوە یاد. بەشێوەیەکی دیکە هەڕەشەکانی دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدارانی تورکیا لەم ماوانەی دواییدا، منداڵی خۆم و ڕەوشی کەسانی مەست و سەرخۆشم دێنێتەوە یاد. من باسی کەسانی سەرخۆش ناکەم، چونکوو ئێوە حاڵی ئەو کەسانە باش دەزانن. لەبەرئەمە تەنها باسی ڕەوشی منداڵی خۆم دەکەم. لەوانەیە ئێوە بڕوا نەکەن بەڵام ڕەوشی من وەک لەسەردەمی منداڵی هاوشێوەی ڕەوشی سیاسەتمەدار و دەسەڵاتدارانی تورکیا بوو، منیش وەک ئەوان هەڕەشەم لەدەوروبەری خۆم دەکرد، زۆر هەڵەپاس و هاروهاج بووم و لەقوتابخانە گیر نەدەبووم و هەر ڕۆژەو شەڕم بەقوتابییەک دەفرۆشت، تا ئەوکاتەی مامۆستاکەم بۆئەوەی لەهەستی شەڕانگێزی دوورم بخاتەوە و ئیدی هەڕەشە لەکەس نەکەم، منی کردە لێپرسراوی بەشی مۆزیک. مامۆستاکەم لەبەرئەوەی نەبوو کە من خاوەن دەنگێکی خۆش و زوڵاڵم یان ژەنیار و مۆزیسیەن بم، بەڵکو بەم هەڵوێستەی دەیویست من بەرەو ئاقارێکی دیکە ببات و بەمشێوەش ڕێگای لەبەردەم شەڕ و هەڕەشەکانی من دادەخست. ئەوکاتەی من لەگەڵ یەکێک شەڕم دەکرد یاخود هەڕەشەم لەیەکێک دەکرد مامۆستاکەم سەرۆکی بەشی مۆزیکی دەهێنایەوە یادی من و دەیگوت تۆ سەرۆکی بەشی مۆزیکی. بە واژەیەکی دیکە یانی تۆ مۆزیسیەن و هونەرمەندی و کەسانی وا لەگەڵ کەس شەڕ ناکەن.
ئەو قسانەی مامۆستا بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت ئارامی دەکردمەوە، بەڵام دوای چەند ساتێک دەبوومەوە شەڕخوازەکەی جاران و لەگەڵ هاوپۆلەکانم تێکدەئالاین، کە ئەوکات چەندان جار سەرم شکاوە. زۆر باش دێتەوە یادم. مامۆستا دەیگوت جارێ منداڵە و ئەوکاتەی گەورە بێت چاکتر دەبێت و لەو کارە بەدانە دوور دەکەوێتەوەو بە پێچەوانەی ئێستا دەبێتە کەسایەتییەکی مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز. بەڕاستیش مامۆستاکەم ڕاستی گوتووە. من لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنم بوومە کەسایەتییەکی ئارام و ئاشتیخواز، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارانی تورک تائێستا وەک قۆناخی منداڵی من دەگوزەرێن. بەڵام جیاوازییەکی بچووک هەیە، من تەنها هەڕەشەم لە برادەرانی خۆم دەکرد بەڵام دەوڵەتی تورکیا هەڕەشە لەهەموو جیهان دەکات. وا دیارە دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدارانی تورکیا کاتێکی زۆریان پێویستە بۆئەوەی لەهەستی منداڵی ڕزگاریان بێت و وەک کەسێکی ئاشتیخواز و پێگەیشتوو، هەڵسوکەوت بکەن.